چەندین جار بانگەوازمان کردووە ئامادەی ریکلامکردنین بۆ کالآکانیان بەلآم خەلك لێرە ریکلام زۆر ناکات بۆ کالآکانی. سەبارەت بە پرۆژەی تازەیان بۆ رادیۆکە بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا، دەڵێ: بەرنامەکانی ئێمە هەمیشە لە گۆڕاندانو تاسەر وەکو خۆیان نین، بەرپرسی رادیۆ تاسەر نیە دەکرێت ئەوکەسەی ئێستا لە کۆمەڵەی رادیۆکە ئەندامە لە وەرزی داهاتوودا ببێتە بەرپرسی رادیۆ، بۆ ئایندەشو وەرزی زستانیش، بەرنامەمان هەیە کە شتی نوێتر بکەین، ئەویش دەکەوێتە سەر کارمەندەکانو رێکخراوەکانیش، دیارە یەکێك لەو مەرجانەی کە ماڤ پەخش دەداتە کۆمەڵەکە ئەوەیە، کە دەبێت مۆڵەتی حکومیان هەبێت، هەموو کەسێك ناتوانێ بێت پەخش بکات، تەنها ئەو کەسە لەو کاتەدا دەتوانێ بێتو ببێتە ئەندامی کۆمەڵەکەی ئێمە. سەبارەت بە گومانی خەلك لەسەر خۆبەخشی بێلایەنی ئەوان کارمەند دەڵێ: بەداخەوە دەڵێم لەماوەی کارکردنماندا رووبەڕوی کۆمەڵێك قسەو قسەلۆکی زۆر بووینەوە، بە حوکمی ئەوەی زۆر کەس هەیە قەناعەتی بەوە نییە ئێمە خۆبەخش لەم رادیۆیە کاردەکەین، ئێمە لێرەوە متمانەی ئەوە دەدەین بەخەڵك کە هیچ لایەنێك ناتوانێ بێتە ناو ئەم رادیۆیەوە بۆ ئیشکردن لەسەر ئەندامەکانی ئێمە، بەڵگەیەك بۆ ئەمەو ئازادی سەکۆکەمان، هەر رێکخراوێك دەتوانێ هەفتانەو مانگانە لەناو رادیۆکەوە پەخشی خۆی بکات، کە دڵنیام هیچ رادیۆیەکی دیکە نایەڵێت کەسێکی دیکەو رێکخراوێکی دی بێت لەناو رادیۆکەی ئەودا پەخشی خۆی بکات، تەنانەت حزبەکانیش بەبێ جیاوازی، تەنها مەرجێك هێرشکردن بۆسەر بیروباوەڕی کەسی تێدانەبێتو لە چوارچێوەی یاسایدا بێت.

هێدی چنارنەیی کە ئامادەکاری بەرنامەیەکی تەنزئامێزو کۆمیدیە بەناوی (تەقول باب) لەسەربەنامەکەی خۆی دەڵێ: ئامانجمان لەو بەرنامەیە کۆمەڵێك بابەتی تەنزە بۆ لایەنی چاکسازی کۆمەڵگە. لەسەر ئەوەش کە لە بەرنامەکەیاندا ناو دەهێنن دەڵێ: پێموانییە تەنها جارێك نەبێت کەناوی بەرپرسی فەرمانگەیەکمان هێنا، ئەویش دڵنیایەت، ئەو قسەیەکی زۆر هەڵەی بەرامبەر بە ئێمە گوت ئێمە لەبەرامبەر ئەمەدا ناومان هێنا. سەبارەت بە فراوانکردنو پێشخستنی زیاتری ئەو بەرنامەیە هێدی دەڵێ من زۆرجار بۆخۆم داوام لە ستاڤی رادیۆ کردووە، کە هەڵسن بە ئەرکێك، چونکە ئەو بەرنامەی ئێمە هیچ جیاوازی نییە لە چاو رۆژنامەیەكو داوای ئەوەم کردووە ستاڤی رادیۆکە هەریەك بە برگەیەك هەستێت.

ئازیز قادر کە کچێکی قسە خۆشو کراوە دیاربوو گوتی من لە ساڵی ١٩٩٠ لەدایك بوومو ماوەی دوومانگیشە لەم رادیۆیە کاردەکەم، لەسەرەتادا لە رێگەی هاوڕێیەکمەوە بەو رادیۆیە ئاشنابوومو رۆژانی پێنج شەممە بەرنامەی بێ بەرنامە پێشکەش دەکەمو لەهەمان کاتدا لەبەرنامەی (تەق ولباب) وەکو ئەکتەرێك رۆڵ دەگێرم، ئازیز دەڵێ پێم باشە ئافرەتانو کچان زیاتر لە راگەیاندن رۆڵی خۆیان بگێرنو باسیش لەوە دەکات کە ئەو سەرباری ئەوەی لەماڵەوە رێگری ناکرێت بەڵکو هاوکاریش دەکرێت تا لەم رادیۆیە خۆبەخش کاربکاتو یەکەمینجاریش کە گوێیان لە دەنگم بوو دەستخۆشیان لێکردم.

( لەنیا مەمەند)کچێکی تەمەن (٢١) ساڵەو وەکو هەموو کارمەندەکانی دیکەی ئەم رادیۆیە بەخۆبەخش کاردەکات گوتی: من ماوەی چەند مانگێکە هاتووم بۆ ئەم رادیۆیەو زۆر تیایدا ئاسودەمو بە خەونی گەنجانو خۆمی دەزانم، ماڵەوەش زۆر هاوکاریم دەکەنو هەرگیز رێگەی ئەم جۆرە کارانەیان لێ نەگرتووم. هەروەها گوتی: ئیشکردن جیاوازە لەگەڵ رادیۆیەکی دی، واهەست دەکەم هیچ شوێنێك وەکو ئەم رادیۆیە ئازادی نەداوە بە کارمەندەکانیو من هیچ کێشەیەکم نییەو هاوکاری بەرنامەکانیانم.

(ئاسودە) کچێکی دیکە بوو کە حەزی نەکرد وێنەکەی بلآوبکەینەوە، گوتی: من لە ماڵەوە گرفتم نییە بۆ کارکردن لەگەڵ رادیۆدا، زۆریش خۆشحاڵم لێرەو هاوکاری بەرنامەکانیان دەکەم، بەبێ هیچ پارەیەك، لێرە هەست دەکەم زۆر ئازادم لە کارکردن.



# بۆ عاشقە تینوەکانی وولاتی من

**کۆشان عەلی**

چەمکێك لە دێر زەمانەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی مرۆڤایەتیەوە، هاتۆتە سەر شانۆی ژیان (عەشق)ـە، لە هەر کۆمەڵگایەك بە هەرشێوازێك بێت، ڕوون و ئاشکرا یان بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ، بەدی کراوە و بەدی دەکرێت.. لە هەر کۆمەڵگایەك بەشێوەیەك کارەکتەرە عاشقەکان عەشق دەنوێنن و، دوژمنەکانی بەشێوازێك دژایەتی دەکەن و، خەڵکی بەگشتی هەریەکەی بەجۆرێ دەیخوێنێتەوە..بەشێوەیەکی گشتی، پێناسەی عەشق لای عاشقەکانە، بەهەجەت گووتەنی "ئەوەی نەی دیبێ نازانێ چۆنە.." بەدرێژایی مێژوو فەیلەسوفەو بیریارەکان لەسەر ئەوە کۆکن پێناسەی عەشق شتێ نیە پێناسەکردنی ئاسان بێت.. بەڵام هەریەك لەئەوانو تۆی خوێنەریش پێناسەیەکت هەیە بۆ ئەم بابەتە. بۆیە لەشوێنی ئەوەی ئێمەش پێناسەی عەشق بکەین، شۆڕ دەبینەوە بۆ هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم دیاردە، دەرهاویشتەکانی لەم کۆمەڵگەی ئێمەدا.. ئەوکاتەی گوێ لە گۆرانیەك دەگری، یان (پارچە شیعرێك، ڕۆمان، داستانێك...) ی عاشقانەی کوردی دەخوێنیتەوە، دەبێ لەگەڵ گۆرانی بێژ یان نوسەرو شاعیرەکەدا لە شتێکدا هاوکۆك بیت، ئەویش خەمو پەژارەیە.. دەبێت بیرت بچێت بۆلای خیانەتی عاشقەکانو.... چەندین بابەتی لەم جۆرە وێنەی عەشقە لای ئێمە. لەکاتێکدا ئەمە بەشێکی عەشقە، کەچی لای ئێمە هەمووی داگیرکردووە.لای ئێمە ئەوەی زیاتر خەم بخوا عاشقترە!! دەکرێت گەر لەهۆکاری ئەمە بکۆڵینەوەو بەدوایدا بچین ئەکرێ بڵێین: عەشق لای ئێمە ناتەندروستە، ئێمە عاشق نین دەمانەوێ هەرچۆنێ بێت عاشق ببین، لە عەشق تێنەگەیشتووین، بەڵکو تاقی دەکەینەوەو، چێژی دەکەین. کەواتە ئەرکی سەرەتای ئێمە گەڕانەوەیە بۆ ماناو مەدلولاتەکانی عەشق، تێبگەین عەشق چیە. لەلایەکی دیکەوە نابێت ناهەقی عاشقەکانی خۆمان بکەین کە داستانەکانیان پڕ خەم و پەژارەن، بەڵام جگە لەو هۆکارەی سەرەوە هۆکارێکی دیکەی ئەم خیانەتە، بەکارهێنانی عەشقە بۆ مەرامە تایبەتیەکان، ئەو کاتەی هەریەك لە دوو ڕەگەز مەرامەکەی هاتە دی ئیدی کۆتایی پێ دەهێنێت. یان هەندێ جار بۆ خۆ تێر کردنە، لای ئێمە ئەو کەسەی عاشقە دەیەوێت خۆی تێر بکات،غەریزەی تێر بکات، چاوو زمانی تەڕ بکاتو دڵی خۆی ئازار بدات..ئەمەو نابێت حاشا لەوە بکەین ئێمە لە کۆمەڵگایەك دەژین،



تاسەر ئێسقانەکانمان توندڕەوی زەبرو زەنگ خۆی دەنوێنێت، ڕووی گرژ دەبێتە میوانت لە هەر شوێنێ حەز ئەکەی!! ئەو کاتەی (کچ، کوڕ) ئەمانە لە دەوروبەری دەبینێ لەناو ئەم هەموو ئازارانەدا، لەناو ئەم هەموو تاڵاوەدا، بەدوای کەسێکدا دەگەڕێ ئەگەر تەنها بۆ لەحزەیەکیش بێت ئەم تینوێتیەی بشکێنێ، بیخاتەوە بەرگی مرۆڤ. ئێمە هەموومان عەشق لە ڕۆحو ناخماندا، لە دڵماندا، بوونی هەیە، بەڵام هەر یەکەی لە ئاستێکدا، هەیە دڵی پڕ بە ئاسمان و زەوی بۆ مەعشوق دەکاتەوە، هەیە قوفڵی داوە، هەیە دڵی شەقار شەقارە بەئازاری خیانەتەوە. ئەوەی لەسەرمانە عاشقانە بژین، بەڵام بەختەوەر، ڕوومان لە دەوروبەرمان خۆشتر بێت، عەشق ئومێدمان تا بچێنێت، ئەژنۆمان نەشکێنێ. ئەمەش بە خوێندنەیەکی نوێ بۆ عەشق دەکرێت، جیاواز لەوەی ئێستا. ئێمە دەبێ ئازارەکانمان بە عەشق سارێژ بکەین..مرۆڤ گەر برسی بوو دەتوانێت بەهۆی شتێکەوە خۆی تێر بکات، گەر برسی غەریزە بوو، دەتوانێ غەریزەی تێر بکات، نەك عەشق بکات بە قوربانی غەریزە، عەشق گەورەترە لە هەموان، عشق پادشای ژیانە، بێ عەشق ژیان لە مردندایە، هەموو شتێ دەبێ خزمەتکاری عەشق بێت، نەك عەشق خزمەتکار، بۆئەوەی ئەو کارە باشتر ببێت، بۆئەوەی لە ژیان دانەبڕێت و دڕندانە خۆی نەنوێنێت..لە عەشقدا برسی بوون نیە، بەڵام تێر بوون هەیە، لەگەڵ تێربوون دا هەمیشە ئومێدیش هەیە، داوای زیاتر کردن هەیە، بەڵام لە هەموو بوارەکانی دیکەی ژیاندا برسی بوون هەیە، تێر بوون هەیە، دوای هەموو تێر بوونێکیش بێ دەنگی هەیە، دوای تێر بووین دەڵێین بابەس بێت، بەڵام لە عەشقدا برسی بوون نیە، تێر بوونیش نیە.. گەر لەژیاندا ئازار بچێژین زۆر سەختە، بەڵام لە عەشقدا ئازارو چێژ، لەهەمان ئاستدان، چونکە ئەو مرۆڤەی عاشقە لەگەڵ هەر ئازارێکی سەختیدا، ئومێدێکی گەورەی هەیە، لەگەڵ هەر ناڵەیەکیدا، هیوایەکی دووری هەیە. ئەو مرۆڤەی لە عەشقدا بێزار دەبێت، بێگومان هیوایەکی لەدەستداوە، بەڵام لە عەشقدا هەمیشە هیوا بوونی هەیە، لە لوتکەی بێ ئومێدی لە تەواوی بێزاریدا دەبێت هیوا بوونی هەبێت.. بەڵام گەر لەسنورێکی تەسکدا عەشقمان سنووردار کرد، بەقەدەر سنوردارکردنی عەشق هیوا و ئومێدو خۆشبەختی لە عەشقدا کەم دەبێتەوە. بۆیە ئەوکەسەی عاشقە بەقەدەر عەشق دەبێ ئومێدی هەبێت بۆئەوەی هەرگیز ئەژنۆکانی نەشکێت. بۆئەوەی وەکو عاشقەکانی خۆمان برسی نەبێت، بێ ئومێد دەبێتو خیانەت دەبێتە بەرهەمی ئەم پەیوەندیو عەشق و ئازارێکی بێ بەرهەم بەرهەمی ماندوێتیەکی کات کوژ دەبێت..

# "خۆت سەروەری کۆیلایەتی خۆتی"

## چەند بەشێك لە کتێبی ..ولهیلم رایش "گوێگرە پیاوی بچووك"

**تۆ، بەتەنیا هەر بچوك نیت، گرگن !**
دەزانم کە خاوەنی چەندان "هەڵکەوتی گەورە"یت لە ژیاندا، ئەو هەڵکەوتانەی رێی پێگەیشتنو بەرزبوونەوەت بۆ خۆشتر دەکەن، بەڵام ئارام نیتو ئەو خۆڕاگرییەی کە پێویستە بۆ بەرزبوونەوەت، لەخۆتی رانابینیت. رێ بە بونیادی خۆت نادەیت بەرزو بەرزترت بکاتەوە !. لە فڕین، لە بەرزاییەکان، لە قوڵاییەکان، دەترسێیت. لە من گەلێك باشترو بەرلەمن( نیتشە) ئەمەی پێڕاگەیاندی، بۆ بەو جۆرەی کە هەیت. ئەو هەوڵیدا بتکات بە مرۆڤێکی لەخۆت گەورەتر بە " سوپەرمان" تا بتوانیت بەسەر مرۆڤەکەی ناخی خۆتدا زاڵبیت. مرۆڤە گەورەکەی ئەو، بوو بە (هیتلەر)ەکەتو تۆش لو جێیەدا کە هەمیشە تیایدا راوەستابوویت، بێ جووڵە، مینا مرۆڤێکی لەژێرەوەو گرگنێك مایتەوە. دەمەوێت، چیتر مرۆڤێکی لە ژێرەوە بچووك نەبیت. دەمەوێت ببیت بە(خۆت). (خۆت)، نەك ئەو رۆژنامانەی دەیانخوێنیتەوە.(خۆت)، نەك ئەو تێگەیشتنەی دراوسێ تووڕەو تڕۆکەت هەیەتی بۆت، بەڵکو (خۆت).

**تێت ئەگەم.. تۆ سەروەری کۆیلەیەتی خۆتی**

تێت ئەگەم ! چونکە هەزاران جار بەرووتو قووتی دیومیت، رووتو قووت هەم لەشو هەم بە روح. بێ دەمامك، بێ پشتگیری، بێ پسوولەی دەنگدان، بێکەسو تەنیا دیومیت. دیومیت وەك زیندەوەرێك تازە لەدایك بوو، وەك سوپاسالارێکی رووتو رەجاڵ، کە تەنێ دەرپێ قووتەکەی لەبەرا مابێت. لەبەردەم منا سکاڵات کردووەو گریاویت، لەبارەی گیروگرفتەکانی خۆتەوە بۆم دواویت، بێباکانە لە ئەڤینو خەمینیو هیواکانت ئاگادارت کردووم. دەتناسمو تێت دەگەم. ئێستا بۆت ئەگێڕمەوە، کە چۆنو چیت پیاوەی بچوك !، چونکە راستیەکەی باوەڕم بە ئایندەیەکی گەورە هەیە بۆت. ئایندەیەك، کە هیچ گومانێکی تیا نییە تەنێ ئایندەی تۆیەو بەس. کەواتە، بەر لە هەمووشتێك سەیرێکی خۆت کە، لەخۆت وردەبەرەوە، وا خۆت ببینە کە هەیت! گوێگرە لەوەی، کە یەکێك لە رابەرەکانت یان نوێنەرەکانت دوورنییە پێت بڵێ" تۆ پیاوێکی ئاسایی پیاوێکی بچووکیت" هەوڵ بدە لە نێوەڕۆکی ئەم دووپەیڤە،" ئاسایی"و "بچووك)ـە بگەیت!

رامەکە ! بوێرەو سەیرێکی خۆت بکە !

ئەم پرسە لە چاوە پڕ ترسەکانتا ئەبینم. ئەو پرسەی هێزی لەبەر بڕیویتو تۆقاندویتی، گرگن ! لەوە دەترسیت سەیری خۆت بکەیت، لە رەخنە دەترسێیت، **پیاوی بچووك !، لەو دەسەڵاتەی پەیمانت پێدراوە بتدرێتێ، ئەترسێیت، چونکە دڵنیایت کە نازانیت چۆن ئەو دەسەڵاتە بەکار بێنیت.** قەت ناوێریت، بیر لەوە بکەیتەوە کە ئەتوانیت خۆت بە جۆرێکی جویێتر ببیت لەوەی کە هەیت: سەربەست لەبری سەر نەوی، راستگۆو کراوە لەباتی فێڵبازو خۆویست، ئامادە بۆ ئەوەی بەرۆژی رووناك



خۆشەویستی بکەیت، نەك بەدزیو ملهوڕانە لە تاریکە شەودا تۆ: رقت لەخۆت ئەبێتەوە، پیاوی بچووك! خۆت خۆشناوێت. بەخۆت ئەڵێی: من کێم تا راوبۆچوونی خۆم هەبێت، چیم تا جڵەوی ژیانی خۆم بگرمە دەست خۆمو رایگەیەنم کە ئەم دنیایە هی منە؟راست دەکەیت،" تۆ چیت، تا بتوانیت مانایەك بە ژیانت بدەیتو جڵەوی بوونی خۆت، بگریتە دەست خۆ؟". بۆت ئەگێڕمەوە تۆ کێیت.

تۆ: بەشتێك لەگەڵ مرۆڤی گەورە، مرۆڤێك کە بەراستی گەورەیە، جیاوازیت هەیە. ئەو مرۆڤە گەورەیەش سەردەمانێك وەك تۆ بچووك بوو، بەڵام بۆ وەی لەدەست ئەو بچووکیە رزگاری بێت، تاقە یەك سیفەت لە سیفەتەکانی خۆی بەرەو باشتربوون گۆڕی. خۆی فێرکرد، چۆن خاڵە لاوازەکانی خۆی، چ لە بیرکردنەوەو چ لە هەڵسوکەوتا بناسێتو دەستنیشان بکات، لە ژێر پاڵەپەستۆی بەردەوامی گیروگرفتەکانیا، خۆ فێرکردن کە چۆن هەستکردن بە خۆ بەبچوك زانینو لە ژێرەوە بوون، هەڕەشە لە بەختەوەربوونی دەکات. بە واتایەکی تر، ئینسانی گەورە دەزانێت چۆنو لە چ هەلومەرجێکدا دەبێت بە پیاوێکی بچووك، پیاوە بچووکەکە لەوە بێئاگایە کە بچووکەو لەوەش دەترسێت لە بچووکی خۆی ئاگاداربکرێت. بچووکیو بێقیمەتی خۆی لەپشت ئەو خەونو خەیاڵانەوە حەشارداوە، کەلە بەهێزیو باڵادەستی کەسانی تردا، هێزو گەورەیی بۆ ئەگەڕێنێتەوە. لەبری ئەوەی شانازی بەخۆیەوە بکات، شانازی بە سەرداره مەزنەکانیەوە دەکات. لەبەردەم ئەو راو بۆچوونانەدا دێتە سەرچۆك، کە قەت بەبیری خۆیا نەهاتوون، نەك ئەوانەی خۆی بەرەنجو تەقەللای خۆی پێی گەیشتوون. تەواوی بڕواو بوونی خۆی بەو شتانە سپاردووە، کە یا هەر تێیان ناگات، یا کەمێك تێیان دەگات، تا زیاتر لە بیروبۆچوونێکیش تێ بگاتن کەمتر باوەڕی پێ دەکات.

سەرچاوە:

ئەوەی سەرەوە بەشێکی کەم بوو لە کتێبی (گوێگرە، پیاوی بچووك)ی ولهیام رایش. کە خەبات عارف وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو ژمارە سپاردنی لە ساڵی ١٩٨٨ پێدراوەو ئێمەش وەکو خۆی بڵاومان کردۆتەوە.

# بیرەوەریەك لەگەڵ ئەستێرەی ئاوازی موکریان مامڵێ ی پایەبەرز...

**عەبدوڵڵا تاهیر**

ساڵی ١٩٨٢ هەوڵمدا هونەری مامڵێ ی پایەبەرز بە هۆنراوەیەك بنرخێنم دواتر لە ساڵی ١٩٨٨ لەورمێ چاوم بە ئەدیبی ناسراوی کوردستانی رۆژهەلات کاك ئەحمەدی قازی کەوت وەکو سەرنوسەری گۆڤاری(سروە) کۆمەڵێك هۆنراوەی لێوەرگرتم(دواتر لەسروەدا بڵاوکرانەوە) کاتێ چاوی بە هۆنراوەی( بۆ مامڵێ)کەوت گووتی چاوپێکەوتنێکمان دەگەڵ مامڵێ دا سازکردووەو دە ژمارەی ئەم جارەی سروەدا بڵاودەکرێتەوە ئێستێ لەتارانێ لە ژێر چاپدایە- ئەگەر وەفریاوی کەوێ دەیکەینە قفڵی دیدارەکە. دواتر زانیم کە فریای نەکەوتووەو درەنگ بەرهەمەکەم گەیشتووە. ئیدی منیش بەنامەیەك مامڵێم ئاگادارکردەوەو هۆنراوەکەشم بۆنارد. باسی ئەوەشم بۆ نوسیبوو کەلەگەڵ مامۆستا غەریب پشدەری لەڕانیە زۆر یادمان کردووە. لێرەدا وەکو بیرەوەریەك لە شادڕەوان مامڵێ، دەقی هۆنراوەکەو وەڵامەکەی مامڵێش پێشکەشی خوێنەران دەکەم کە ئەو نامەیە یەکێکە لەبەڵگە نامە هەرە بەنرخەکانی تایبەتی خۆم کە شانازی پێوە دەکەم:-

***بۆ مامڵێ***

دەنگی کێ بێ سەربەخۆبێتو رەسەن ئاهەنگ بڵێ
کوردەواری بێو زوڵاڵ بێ وەك چریکەی مامڵێ
دەنگی تۆیە هەڵگری رەنگی زەویو خاکی منە
بست بەبست دەشتو نزاری پەی دەکا چەشنی شنە
مامڵێ گیان دەنگی تۆ بوو سەد هەزار شۆخی هەژاند
زۆر بەسەرمەستی تەلیسمی ماتەمی بۆیان شکاند
سۆزشو ئاخو هەناسەی نێو دەروون سەرهەڵدەدا
مامڵێ گەرهەڵدەدەی ئاهەنگی ئاوازو سەدا
بەستەکانت بوونە وێردی پیرولاوو جوانەکان
بوونە ئاهەنگی کرێکارو نەوای دەم شوانەکان
بوونە تێشووی رووحی رێبوارانی رێبازی ئەوین
بوونە نەشئەی کۆڕی دڵدارانی یێك شاد بوو لەژین
بەرزە ئەستێرەت لە ئاسمانی هونەر ئەی مامڵێ
ناوو ناوبانگت لەبەرزایی بەرەو خوار ناگلێ

**نامەی مامڵێ لە وەڵامی نامەو شیعرەکەی مندا**

**بەناوی خودای گەورە**

**٨/ ٨ /١٣٩٧ بەرامبەر ٣٠ /١/ ١٩٨٨**

**کاك عەبدوڵڵا تاهیر**

پێشەکی نامەم سەربەرزیت لەدەرگای خوداوەندی مەزن داواکارمو هیوادارم رۆژو رۆژگارت بەخۆشی بگوزەرێ. کاك عەبدوڵڵا تاهیری خۆشەویست نامە پڕ لە محبەتەکەت پێم گەیشت زۆر زۆر خۆشحاڵ بوومو لە مەحەببەتەکانت زۆر مەمنونم. عەزیزم لە پێشدا باسی مامۆستا غەریب پشدەری نووسیبووت زۆری پێخۆشحاڵ بووم تا ئێستێ شیعرەکانی بۆ نەناردووم بەڵام دەزانم پێم دەگات درەنگو زووی هەیە کاك عەبدوڵڵا براگیان لەوەی کە لە(سروە)دا فەرمووبووت زۆر زۆر سوپاسگوزارم. رۆژێکی تووشی کاك ئەحمەدی قازی بووم ووتی من خۆم دەنوسمو بۆخۆم زۆر چاك لە هونەری تۆ تێدەگەم. بە هەر سووڕەت با باسی نامەیەکی جوانی کیژێکی خەڵکی سەنگەسەرت بۆ بنووسم خۆش مەززەیە، رۆژێکیان نامەیەکیان دامێ(کوڕێکی عێراقی) کە خوێندمەوە پاش دووعاو سڵاوێکی زۆ نوسیبوی کەمن بەدوو ئاهەنگی تۆ ماوم، یەکیان( هەواری خاڵێ)یە دووەمی(دەچمە سەرکانیە مەرادان)و ئێستاش چوار ساڵ لە عومری خۆم دەدەم بەتۆو مامۆستا هێمن منیش چوومە بازاڕ تووشی مامۆستا هێمن بووم پێمگووت کیژێك لەسەنگەسەر دووساڵ عومری خۆی داوە بەتۆو دوو ساڵیش بۆمن. مامۆستا هێمن فەرمووی مەحەمەد کیژێکیش لەسنەوە بۆمنی هەروەها نوسیوە منیش پێمگووت چوار ساڵی خۆت بۆ خۆت منیش چوار ساڵی خۆم بۆ خۆم کاکە گیان کاك عەبدوڵڵا ئەمن زۆ زۆر چوکترم کە ئێوە ئەو هەموو مەحەببەتەی دەکەن دەگەڵ من، زۆر زۆر سوپاس لە هەموو( ئێوە)ی بەڕێز دەکەمو هیوادارم سەرکەوتووبن.

چووکەی هەمووتان

**محەمەدی مامڵێ**

# گەندەڵی سیاسی

لەعەرەبیەوە: م.رزگار

گەندەڵی بەسەرجەم شێوازەکانیەوە بەدەردێکی پۆخڵو مەترسیەکی نزیكو ناچار ناوزەد دەکرێت کە دەکەوێتە وێزەی جومگەکانی دەوڵەتەوەو دەیان ڕزێنێت هەروەکو چۆن زەوی ڕەگو ریشەی درەخت دەڕزێنێت لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی ڕوخانیو بەسەریدا زاڵ دەبێتو گەندەڵیش هەمان دەرئەنجامی لێ دەکەوێتەوە. بێگومان یەکێك لەمەترسیدارترین شێوازەکانی گەندەڵیو ڕواڵەتەکانی گەندەڵی سیاسی یاخود گەندەڵ بوونی بژاردەی سیاسییە، هەموو توێژینەوەکان وا گوزارشت دەدەن کە گەندەڵی سیاسی لە لوتکەی هەرەمی شێوازەکانی تری گەندەڵیێ (ئیداریو ئابووری)دایە، یەکێك لەهۆکارەکانی ئەو گەندەڵیەش بەردەوام بوونی ئەو گەندەڵانەیە کە فەرمانڕەوانو بەشێك لە گەندەڵی لەسەر حسابی چەمکەکانی بێ گەردیو پاکیو ئەخلاقیەت بڵاودەکەنەوە. لەپێناوی بەخشینی چەمکەکە لەدوای وەسف کردنو ناساندنی هەڵدەستین بە وەرگرتنی هەندێ بیروڕا کە لە خستنەڕووی ماهیەتی گەندەڵیدا هاتوون (A.H.Brasz)بەگوێرەی پێناسەی (گەندەڵی سیاسی هاومانایە بۆ هێزێکی ستەمکارانە)یاخود بەکارهێنانی هێزێکی ستەمکارانەیە بۆ هێنانەدی ئامانجێك کە لەسەر ئەو بنچینەیە هێزەکەی پێدراوە بەڵام بۆ هێنانەدی ئامانجێکی دیکە بەکاریدەهێنێت، ئەو ناساندنە ئاوێنەی ڕژێمێکە حوکمڕانیەکەی شمولی(دیکتاتۆری) بێت، لەبەرئەوەی خاسیەتی زاڵ بەسەر ئەم ڕژێمەوە بریتیە لە کپکردنی ئازادییەکانو نەبوونو کپکردنی چەمکەکانی دیموکراتیەتو مافەکانی مرۆڤو نەبوونی هەرسێ دەسەڵاتەکەیە(یاسادانان، دادوەری، جێ بەجێ کردن)چونکە ئەو سێ دەسەڵاتە زۆر بەتوندی تێکەڵ بەیەکتر دەبن ئەوەش دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەکەیە دەبێتە یاسادانەرو دادوەرو جێبەجێکەر لەهەمان کات داو لەئەنجام داو لەدەرئەنجامی ئەو سیاسەتانە میللەت لەبەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەگوێرەی میکانیزمی هاوڵاتی بوون ڕۆڵی نابێت، ئەوەش بریتی یە لە هاوبەشیەکی ڕاستەقینەی نێوان هاوڵاتیان لەلایەكو دەوڵەت لەلایەکی دیکە دەکات، لە چوارچێوەی ئەو چەمکە ژمارەیەك مافی دی تێداچوون لەوانە مافی پێداویستییەکانو مافی بەدەستهێنانی زانیاریەکانو مافی هەڵبژاردنی هێزێکی سیاسی کە نوێنەری ڕاستەقینەی گەل بێت، ئەو هەموو مافانە تێکەڵ بە با دەبنو دەڕۆنو بەدیوار دادەدرێنو لەدەرئەنجامی چەمکی هێزێکی ستەمکارانە کە هاومانای چەمکی گەندەڵی سیاسیە. رای سموئیل هنتگتون سەبارەت بەگەندەڵی سیاسی ئەوەیە (ڕێگەیەکە بۆ پێوانەکردنی مەودای نەبوونی دامو دەزگای سیاسی کارا)لەو پێناسیەدا ئاماژە بۆ چەمکی فرە حزبی دەکرێت، بەجۆرێ ئەو دەوڵەتانەی فەرمانڕەواییان دیکتاتۆریە تەنها حیزبێك هەیەو گوێ بەفرە حزبی ناداتو فرە حزبی تیایدا ناچالاك دەبێت، لێرەدا ئاراستەیەکی دی لەڕوون کردنەوەی تایبەتمەندیەکانی گەندەڵی سیاسی لەمیانی شێوەو پێك هاتەکانیدا هەیە، واتە ئازادی بیروڕاو دیموکراتیەو چەمکەکانی مافی مرۆڤو چەمکەکانی شەفافیەتو پێداویستییەکان نین، یان بەمانایەکی دی



نەبوونی چەمکەکانی هاوڵاتی بوون. لەمیانی سەرنج دان لە پێناسەکانی سەرەوە تێبینی دەکەین چونە ناو یەکێك یان تێك هەڵچوونێك لەنێوان شێوەو شێوازەکانی گەندەڵی سیاسیو شێوەو شێوازەکانی دیکەی گەندەڵیدا هەیە بەتایبەت(ئیداریو ئابووری)دا، پەیوەندی ئەو شێوازە بەگەندەڵی بژاردەی سیاسی وادەکات ڕواڵەتێکی سەربەخۆی لە بونیەتی خۆیدا هەبێت بەشێوەیەك تاکەکانی ئەو بەشە تێڕوانینێکی ئاشکرایان بۆ ئالیەتی گونجاو بەرجەستە دەکەن، لەو میانەیەدا دەتوانین ڕووبەڕوی ئەو دیاردە مەترسیدارە ببینەوە. شێوەو ڕواڵەتەکانی گەندەڵی سیاسی کاریگەری خراپی لەسەر هەموو لایەنو بوارەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتی دەوڵەت دەبێت، دەتوانین ئەو کاریگەریانە بەو شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:-

١- نەبوونی هاوبەشی لەنێوان هاوڵاتیانو دەوڵەت بەگوێرەی ئالیەتی هاوڵاتی بوونو دیموکراتیەت ئەمەش دەبێە هۆی ئەوەی سیاسەتی دەوڵەت نوێنەری بیروڕاو تێڕوانیەنەکانی گەل نەبنو لەکۆتایدا دەبێتە هۆی دروست بوونی جۆری لە نائاسوودەی لەلای هاوڵاتیانو ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاسایشی نەتەوەی وڵات دەبێت.

٢- گەندەڵی سیاسی جۆرێك لە تەرەفداریو چاوپۆشی کردنو دەستەگەریو هۆزایەتی دەنوێنێت کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەو سەرکەوتنی کەسانێك کە هیچ توانایەکی زانستیان نیە یان لە پۆستی ئیداری پلەو پایە هەستیارەکانی دەوڵەتن بەم شێوەیە ئەمە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کەسانێك کە مافی بەدەست هێنانی پلە وپایەیان نییەو نابیت ئەوانە بەرژەوەندیو ئامانجە کەسییەکانیان تەنها لەسەر حسابی مافەکانی میللەت بن؟.

٤-گەندەڵی سیاسی خۆی دەنوێنێت لە دانی بەرتیل بە گەورە بەرپرسان لەپێناوی سەرکەوتنو بەخشین وەکو گرێبەستی پرۆژەکانی بنیادنان ئەمەش دەبێە هۆی شێواندنێکی زۆر گەورەی ژێرخانی ئابووری دەوڵەت.

٥- دیاردەی سەرانەو رووتکردن کە گەورە بەرپرسان پێی هەڵدەستن ئەمەش خۆی دەنوێنێت لە ئاڵۆزاندنی گرێبەستی پرۆژەکانو ڕۆتینات کە دەبێتە هۆی چوونە دەرەوەی سەرمایەو ماڵو دارایی لەوڵات.

لێکۆڵینەوە لەڕواڵەتەکانی گەندەڵی سیاسی تایبەتمەندیەکی گرنگ وەردەگرێ بە تێڕوانین لەو چوونە ناویەکە لەنێوان شێوازەکانی ئەو گەندەڵیەو شێوازەکانی تر دروست دەبێت. هەموو ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئەو دیاردەیە دوواون کۆکن لەسەر ئەوەی چارەسەری دیاردەی گەندەڵی سیاسی ناکرێت تەنها لەمیانی چاکسازی سیاسی نەبێ کە بەشێوەیەکی دینامێکی زیندوو بەردەوام پرۆسەکە دەردەکەوێت ئامانجی گێڕانەوەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو سیستەمە سیاسیەیە کە هەیە. لەوانەیە ئامانجی ماوە درێژی بۆ گۆڕانی بژاردەی سیاسیو تەنانەت یاسا بنچینەییەکانو ڕێساکان بێ لەمیانی وەرگرتنی گیانی سەردەمو خستنەڕووی بیروڕای نشتیمانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەئامانجی هێنانەدی یەك ئامانجو دوپاتکردنەوەی چاکسازی ئەو کەمو کوریەی لەسیستەمی سیاسیدایە.

# یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی تۆپی پێی قەڵادزێ

# هادی یە چەپە:تیپی لاوان قوتابخانەی تۆپی پێی قەڵادزێیە



**دیمانە:عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

ئەو کاتەی کە بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی قەڵادزێ هەڵبژێردرا لەسەرەتای تەمەنی لاوێتی دابوو بەڵام بەهۆی لێهاتوویی و توانای ئەو یاریزانە زۆر بە زوویی وەکو یاریزانێکی سەرەکی خۆی سەپاند، ئەو بەرگریکارێکی سەرسەختی ئەو تیپانە بوو کە یاری بۆیان کردووەو شانبەشانی هاوەڵەکانی بەربەستێکی قایم و بەهێزبوون بەڕووی هێرشبەرانداو تا ئەو ساڵانەی دوایش هەر بەردەوام بوو لە یاری کردن ٠٠٠٠ ئەم یاریزانە (کاك هادی)یەو لەناو یاریگاو وەرزشکاراندا بە (هادیە چەپە) ناسراوە، وەك ئەرکێکی ڕۆژنامەگەری لەو بوارەداو بۆ زیاتر ناساندنی ئەم یاریزانە ماندووەی شاری قەڵادزێ بۆ ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکەمان لەبەسەرکردنەوەیەکدا ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا سازداو زۆر ڕاشکاوانە بەم شێوەیە بۆمان هاتە وەڵام ٠٠٠

**زنار:سەرەتا با کاک هادی باشتر بناسین**

هادیە چەپە: ناوم (عەبدولهادی حەمە عەلی ڕەشید)ەو لەدایکبووی شاری قەڵادزێی



ساڵی (١٩٦٩)م و دەرچووی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی ڕانیەم و ئێستاش فەرمانبەرم لە شارەوانی قەڵادزێ و خێزاندارم و دوو منداڵم هەیە بەناوەکانی (شلك)و(ئەلەند)٠

**زنار:ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی تێکەڵاویت بە جیهانی وەرزش چۆن بووە**

هادیە چەپە: هەر لە منداڵیەوە حەزم لە وەرزش و یاریکردن بووە، سەرەتا لەچالاکی قوتابخانەکان لە قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی قەڵادزێ بەشداری خولی باسکەم کردووە کە مامۆستا (فەرهاد) کە خەڵکی سلێمانی بوو سەرپەرشتی دەکردین و دواتر لەسەرەتای هەشتاکاندا لە تیپە میللیەکاندا بەشداریم کردووەو لە تیپی (لاوان)دا بوومەتە ئەندام و یاریزان لەوکاتەوە تاوەکو وازیشم لە یاریکردن هێنا هەر لەو تیپەدا بووم و لەساڵی (١٩٨٤) بۆ هەڵبژاردەی لاوانی قەڵادزێ و یەکەمی قەڵادزێ وەکو بەرگریکار یاریم کردووەو لە نەوەدەکانیشدا یاریزان و کاپتنی تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی قەڵادزێ بووم٠

**زنار:کێ هاندەرت بووەو خۆت بە قەرزداری کێ دەزانیت**

هادیە چەپە: یەکەم هاندەرم ماڵەوەمان بووە، بەڵام ناکرێ هەوڵ و ماندووبوونی کاك(فەرهادی مەحمود ئاغا)و کاك (د٠ شەپۆل فەتحی کەریم)و کاك (ڕێبوار محەمەد یوسف)لە بیربکرێت و بەتایبەتی زۆر سوودم لە ئازایەتی و ئامۆژگاریەکانی (د٠شەپۆل) وەرگرتووە کە بەردەوام هاندەرم بووە لەسەر چۆنیەتی یاریکردنی شێوازی بەرگری زۆر سوپاسیان دەکەم و خۆم بە قەرزداریان دەزانم ٠

**زنار: دەڵێن ئێوە بنەماڵەیەکی وەرزشی بوون**

هادیە چەپە: بەڵێ ئێمە حەوت ئەندامی خێزانەکەمان هەمووومان یاریمان کردووەو وەرزشکاربووین هەر لە (شەهید جەمال)ی برا گەورەمانەوەو مامۆستا(جەلال) تادەگاتە کاك (حەمە )و کاك ( عەبدولخالق)و من و(مامۆستا مەهدی)و (مامۆستا ئەردەلان)ی برا بچووکمان هەمووومان خولیای وەرزش بووین و زۆربەشمان لە هەڵبژاردەکانی قەڵادزێ یاریمان کردووە لە هەرسێ بواری تۆپی پێ و باڵەو باسکە ئەوەندەی توانیبێتمان خزمەتمان بە شاری خۆمان کردووە بەوپەڕی دڵسۆزیەوە٠

**زنار: ئەو تیپانەی کە یاریت بۆ کردووە**

هادیە چەپە: من لە تیپی (لاوان)ەوە دەستم پێکردو هەر لە تیپی لاوانیش کۆتایم بە یاریکردن هێناو جگە لەو تیپە یاریم بۆ تیپەکانی (شەپۆل و تیپی پشدەر لە خەبات و هەڵبژاردەی قەڵادزێ و یانەی قەڵادزێ) کردووە٠

**زنار: نازناوی (هادیە چەپە) لە چیەوە هاتووە**

هادیە چەپە: نازناوی (هادیە چەپە) لەوەوە هاتوە چونکە زیاتر بەقاچی چەپ یاریم کردووەو چەپە بووم٠

**زنار: سەردەمێک لە قەڵادزێ پێیان دەگووتی (عەدنان دەرجال)**

هادیە چەپە: لەبەر ئەوەی عەدنان دەرجال کە بەرگریکارێکی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی

عێراق بوو کەمتر هێرشبەر توانیویەتی لەلایەوە ڕەت بێتو منیش لەهەمان شوێن یاریم کردووەو ئەویش چەپە بووە.

زنار: ئەی نازناوی (موڵک)چیەو چۆن بووە

هادیە چەپە: لەدوای ڕاپەڕین تا ساڵی (١٩٩٣) ماوەیەك بوو لە وەرزش دابڕابووم چونکە خەریکی کارکردن بووم، هەندێك لە ئەندامانی تیپی لاوان کە تازە تیپەکەیان دامەزراندبووەو لەخۆئامادەکردندا بوون بۆ خولی ناوخۆی قەڵادزێ ناوی منیان هێنا بوو کە ئەندامی تیپەکە بمو لەگەڵیاندا بەشداری بکەم، کاك (ئاوات حەمید) کە ناسراوە بە (ئاواتی گەزۆ)و ئێستا لە هەندەرانە پێشنیاری کردبوو کە من بکرێمە کاپتنی تیپەکە بۆ ئەوەی ببمە موڵكو ئەندامی هەمیشەیی تیپی لاوان، ئەوە بوو لەو کاتەوە لە ناو تیپی لاواندا بە موڵکی تیپ بانگیان دەکردم.

زنار: گرنگترین سیفاتی یاریزانی بەرگریکار چی یە

هادیە چەپە: گرنگترین سیفاتی یاریزانی بەرگریکار چۆنیەتی بەرگریکردنە لە گۆڵەکەی واتە چۆڵنەکردنو چاودێریکردنی شوێنەکەی، من پێموایە بەرگریکار لە یاریدا وەك بەرگریکردنە لە سەنگەرەکەی کە هەمیشە بەرامبەرەکەت دەیەوێت تێکتبشکێنێت بۆیە پێویستە بەوپەڕی دڵسۆزیو ئەمانەتەوە بتوانی بەرگری بکەیتو خیانەتی تێدا نەکەیت.

زنار: جیاوازی چیە لە نێوان تۆپی پێی ئەمڕۆ دوێنێ دا

هادیە چەپە: لە ڕابردوودا وەرزش بەگشتیو تۆپی پێ بە تایبەتی زۆر بەهێزتر بوو لە ئەمڕۆ سەرەڕای کەمی ئیمکانیات یاریزانی باشو بەتوانا هەبوون چونکە یاریزانەکان گیانێکی وەرزشی بەهێزیان هەبوو، بەڵام خۆشبەختانە وا دوو ساڵە تۆپی پێی قەڵادزێ هەنگاوێکی باشی بەرەو باشبوون ناوەو هیوادارم باشتریش بێت.

زنار: بەڕای تۆ تۆپی پێی ناوچەکەو قەڵادزێ پێویستی بەچی هەیە

هادیە چەپە: پێویستی بەوەیە کە ڕاوێژ بە وەرزشکارە دێرینەکان بکاتو زیاتر هانی وەرزشکارانی ئەمڕۆش بدرێت بەمەبەستی ڕێزگرتنی یاریگاو وەرزش.

زنار: بەڕای تۆ کێ شایستەی باشترین کەسایەتی وەرزشیە لە قەڵادزێ

هادیە چەپە: هەر کەسێ بەگیانی لەخۆبووردەیی کاری بۆ وەرزشی قەڵادزێ کردووە شایستەی ڕێزە ئەگەر بێتوو پەیامەکەی وەکو خۆی بگەیەنێت هەرچەندە من وای دەبینم کە ئەو دڵسۆزیە تاکەو بەتەنهاش ڕۆڵی کاریگەری نیە.

زنار: تا ئێستا کاری ڕاهێنانت کردووە

هادیە چەپە: نەخێر نەمکردووە

زنار: ئێستا نێوانت لەگەڵ یاری کردنو وەرزشدا چۆنە

هادیە چەپە: ئێستا لەگەڵ وەرزشدا دابڕاوم بەڵام لەدەروونەوەدا هەردەم حەزم لە وەرزشەو حەز دەکەم هەمیشە لەناو یاریگادا بم بەڵام سەرقاڵی دەوامو کارکردن وایلێکردم دوور بکەومەوەو تەمەنیش ئەو بوارەی لێ سەندمەوە.

زنار: تۆپ تا چەند بۆتە ژیانی کاك هادی

هادیە چەپە: هەمیشە تۆپ خەیاڵێکە هەرگیز ناتوانم لەبیری بکەمو ئێستاش من لەماڵەوە بەردەوام تۆپ بۆ دوو منداڵەکانم دێنمەوەو زۆر جاریش وەکو جاران یاریان لەگەڵدا دەکەم.

زنار: جەماوەر چی دەگەیەنێت لای تۆ

هادیە چەپە: جەماوەر هێزە، وورەیە، توانایە، قەڵایەکە لە پشت یاریزان بەبێ جەماوەر یاریکردن هیچ جوانیەکی نیە.

زنار: لەکاتی ڕاگواستنی قەڵادزێ ئەو کاتە دابڕانێکی وەرزشکاران دروست بوو چۆن یاریتان دەکرد

هادیە چەپە: کاتی ڕاگواستنی قەڵادزێ ئێمە ماڵمان لە کۆمەڵگای (دارەتوو) بوو بەڵام لە کۆمەڵگای (خەبات) تیپێکی زۆر بەهێز هەبوو بەناوی(تیپی پشدەر) ئەوەبوو بۆ هەموو یاریەکی تیپی پشدەر کاك (وەستا جەماڵ وایەرمەن) بەدوای منو (مامۆستا مەهدی) برامدا دەهاتو یاریمان دەکرد، ئەو تیپە یەکێك بوو لە تیپە بەهێزەکانی سنووری هەولێر.

زنار: خەونێکی وەرزشی کە هاتبێتە دی

هادیە چەپە: زۆر خەونم هەبووە لە وەرزشدا بەڵام بیرم نایە هیچ خەونێکم هاتبێتە دی لەگەڵ ئەوەی هەموو کەسێك لەهەر بوارێکدا بووبێت بێگومان خەونێکی هەیە بەڵام نەهاتۆتە دی.

زنار: ئەی ئەو خەونەی نەهاتۆتە دی

هادیە چەپە: حەزم دەکرد بمتوانیبا لە یانەیەکی گەورەدا یاریم بکردایە لە یەکێك لە وواڵتە بەناوبانگەکان، لەبەرئەوەی ئێمە کەیاریمان کردووە نەمانتوانیوە خۆمان ببینینەوە لەو بوارەدا هەرچەندە من لە کاتی خۆیدا لەساڵانی ( ١٩٨٦ - ١٩٨٧) لەلایەن یانەی وەرزشی سلێمانیەوە لە ڕێگەی کاك (ڕێبوار محەمەد یوسف)ـەوە لەگەڵ (م.ئومێدی مەحمود ئاغا) داواکراین بەڵام سەردەمی ئەوکاتو بارودۆخی تایبەت ڕێگربوون لەبەردەم یاریکردنمان لە سلێمانی.

زنار: خەونی ئێستای کاك هادی

هادیە چەپە: حەز دەکەم ئێستا لەناو یاریگادابمو بتوانم وەکو جاران بەردەوام بمو لە ئاستێکی بەرزدا یاری بکەمو زۆریش حەز دەکەم کە تۆپی پێی شارەکەم بگاتە ترۆپکی ئاست بەرز .

زنار: لەگەڵ کام یاریزاندا لە یاریدا ئاسوودە بوویت

هادیەچەپە: لەیاریکردندا زیاتر لەگەڵ یاریزانان ( نەجات حەسەنو مەهدی حەمە عەلیو حەسەنە ڕەش)دا زیاتر ئاسوودە بووم

زنار: بەکام یاریزان سەرسام بوویت

هادیە چەپە: لەکوردستاندا بەیاریزانی هەولێر(محەمەد خۆشناو) و لەجیهاندا بە



یاریزانان ( زیدانو فیگۆ).
زنار: هاندەری چ تیپێکیت
هادیە چەپە: لە کوردستاندا هەڵبژاردەی شارەکەمو لە جیهاندا هاندەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیام.
زنار: ئەگەر چەپکە گوڵێکت بە دەستەوە بێت پێشکەشی کێی دەکەیت
هادیە چەپە: پێشکەشی ئەو کەسانەی دەکەم کە بەگیانێکی وەرزشیەوە لەناو یاریگادا ڕەوشتی جوان بێتو بەمانای وەرزشەوان وەرزشەوان بێتو خزمەت بە تۆپی پێی قەڵادزێ بکات.
زنار: ئەی ئەگەر کارتێکی سوورت بەدەستەوە بێت بە ڕووی کێ دا بەرزی دەکەیتەوە
هادیە چەپە: بەڕووی ئەو کەسانەدا بەرزی دەکەمەوە کە ڕێز لە وەرزش ناگرن یاخود یاساکانی وەرزش پێشێل دەکەنو هۆکاری دووبەرەکیو لاواز بوونی وەرزشە جا ئەو کەسە هەر کەسێك بێت.
زنار: یادەوەریەکی وەرزشی ئەگەر لە بیرت بێت
هادیە چەپە: یادەوەریەکان زۆرن بەڵام دوو بیرەوەریتان بۆ دەگێڕمەوە .... یەکەمیان ئەوەیە کە هاوڕێیەکی وەرزشکارم ناوبژیوانی یاریەکی کرد لە نێوان تیپی لاوانو تیپی سەنگەسەر ئەوە بوو لە یاریەکەدا پەنالتیەکی بۆ ئێمە گرت دواتر لە ژێر فشاری تیپی سەنگەسەردا بڕیارەکەی گۆڕی بۆ لێدانی ناڕاستەوخۆ لە دەرەوەی هێڵی سزاو دووەمیان برادەرێکی کە ئەندامی سەرەکیو هەمیشەیی تیپی لاوان بوو هەرکاتێك کە خۆمان ئامادە دەکرد بۆ خولەکانی ناوخۆ دەیووت (کاکە بالە یانزە کەس زیاتر نەبینو دەزانم من دەبمە یەدەگو ئیحتیات).
زنار: بەکورتی ڕات چیە بەرامبەر ئەو ناوانە
تیپی لاوان .......... ماڵی هەمیشەیم بوو قوتابخانەی تۆپی پێی قەڵادزێیە.
هەڵبژاردەی قەڵادزێ....... خەونو خولیای سەرجەم یاریزانان بوو.
د . شەپۆل ........ قەڵایەکی پۆڵاینی تیپی لاوانو قەڵادزێ بوو .
نەوزادە چکۆل ...... یاریزانێکی ووریاو زیرەکی ناوەڕاست بوو.
نەجات حەسەن ...... کاپتنێکی دڵسۆزو بە پەرۆش بوو.
زنار: لەکۆتایدا کاک هادی سوپاس بۆ ئەم دیمانەیە
هادیە چەپە: منیش سوپاستان دەکەم بۆ ئەو بەسەر کردنەوەیە هیوای سەرکەوتنو بەردەوامی بۆ تۆو بۆ ئەو گۆڤارە جوانە.

# ئەفسانەی یاریگاکان " بێلیە"

ئا/ عەبدالرحمن ئەحمەد

## (پرۆفایلی بێلیە)



بیلیە یاریزانی تۆپی پێی بەرازیل، بەیەکێك لە باشترین یاریزانانی تۆپی پێ دادەنرێت لە مێژوودا لە وڵاتی خۆیدا بە پاڵەوانی نیشتیمانی دادەنرێتو نازناوی (پادشای تۆپ) یاخود (مەلیك بێلیە)ی پێ بەخشراوەو ناوی تەواوی (ئەدیسۆن ئەرانتس دۆنا سیمنتۆ)یەو لەدایکبووی ١٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٠ی ناوچەی (تریس کاراکۆس)ە زۆرجار وەکو هێرشبەرو هەندێ جاریش وەکو دروستکەر یاری کردووەو بەتۆمارکردنی شێوازی گۆڵی هەلگەڕانەوە (دەبڵ)ناسراوەو دەڵێت: زۆرجار پەشیمانم، چونکە لە یاریەکانی جامی جیهانیدا لەم جۆرە گۆڵانەم تۆمار نەکردووە.

## ناوو نازناوی بێلیە

(بێلیە) کە خەڵکی وڵاتی بەرازیلە، باوکی یاریزانی تۆپی پێ بووەو لە یانەی (فلۆمینزی) یاری کردووەو دایکی کەناوی (سیلستی)بووە لە خۆشەویستی زانای ئەمریکی (تۆماس ئەدیسۆن) ناوی (ئەدیسۆن)یان لە کورەکەیان ناوەو دواتر لەناو خێزانەکەیدا بە(دیکۆ) ناسراوە، بەڵام نازناوی بێلیەی لە ڕۆژانی قوتابخانەو خوێندندا بەسەردا بڕا، لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی ناوی گۆڵچی یانەی (فاسکۆدی گاما) بەباشی بڵێ کەناوی (بیلی)بووە، کە بەلای ئەوەوە باشترین گۆڵچی بووەو زۆر پێی سەرسام بووە..ئەوە لە قوتابخانە دەرکرا، چونکە لەهاوپۆلەکانی خۆی دابوو کە ئەو نازناوەی بەسەردا بریبوو، بەڵام دواتر نازناوەکەی پێوەلکا لەکاتێکدا کە بێلیە نەیدەزانی کە ئەو وشەیە بەزمانی (ئیرلەندی) بەمانای (تۆپی پێ)دێتو لەزمانی (هیبیەکان)نیشدا بەمانای (موعجیزە)دێت.

## سەرەتای یاریکردن

سەرەتای تێکەڵاوبوونی بە یاری تۆپی پێی بێلیە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو سەردەمەی کە لە یانەی(باور)ی ساوپۆلۆ کاری دەکردو دواتریش لەهەردوو یانەی( باورو ئەتلیك کلوب)کاری دەکرد کە کاری پاککردنەوەی پێڵاوی یاریزانەکان بوو لە ڕۆژانی یاریکردندا. ئەو یاری تۆپی پێ لەباوکیەوە فێربوو کە یاری بۆ یانەی( ئەتلیتیکۆ مینیرۆ)دەکردو دواجار بەهۆی پێکانی ئەژنۆیەوە وازی لە یاریکردن هێنا. سەرەتا لە تیپی(شوزلس‌ونس)دەست بەیاریکردن کردکە بێلیە خۆیو چەند هاوڕێیەکی دروستیان کردو لەگەڵ ئەم تیپەدا بەشداری چەندین خولی ناوخۆیان کرد، بەڵام ئەم خولانە پێویستیان بە لەپێکردنی پێڵاوی وەرزشی هەبوو، هەر بۆیە ناوی تیپەکەیان گۆڕی بۆ (ئەمیرکوینها)و دواتر گەیشتنە یاری کۆتایی ئەم خولەو(بیلیە)ش توانی نازناوی گۆڵکەری خولەکە بەدەست بهێنێت. لە ساڵی١٩٥٤ چوو بۆ تیپی تازە پێگەیشتوانی یانەی(باوکینهۆ)و لەگەڵیدا توانیان تازە پێگەیشتوانی وڵاتی بەرازیل بەدەست بهێننو لە (٣٣)یاریدا ١٤٨ گۆڵی تۆمارکرد.

## لەگەڵ یانەی سانتۆس

ساڵی ١٩٥٦ راهێنەرەکەی بردی بۆیانەی (سانتۆس)و ئەمەش یەکەمین هەنگاوی کاروانی پیشەگەرییە لە ژیانیداو هەر لەیەکەم دەرکەوتنیدا چاودێرانی وەرزشی چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە ببێتە باشترین یاریزانی تۆپی پێ لە جیهاندا.

## لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل

بێلیە لەیەکەمین یاری نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل رۆژی ٧ی یۆلیۆ١٩٥٧دا کردن لە بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەرجەنتین کە تیایدا بەرازیلیەکان توانیان یاریەکە ببەنەوە بە ٢ بە سفرو لەم یاریەدا یەکەم گۆڵی نێودەوڵەتی تۆمارکرد لەکاتێکدا کە هێشتا (سێ) مانگی مابوو تەمەنی بگاتە ( ١٧)ساڵان.

## بێلەو جامی جیهانی

لەماوەی تەمەنی وەرزشیدا لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیلیدا چەندین نازناوو دەستکەوتی بۆ وڵاتەکەی دەستەبەر کردووەو توانیویەتی لە (چوار)مۆندیالدا بەشداری بکاتو لەگەڵیدا (سێ)جار جامی جیهانی بەرز بکەنەوە، بەمەش دەبێتە تاکە یاریزانی بەرازیل کە بتوانێت لەگەڵ هەڵبژاردەکەیدا(سێ)جار نازناوی مۆندیال بەدەست بهێنێ.

## لە مۆندیالی سوید -١٩٥٨

لەسەرەتای بەشداریکردنی بێلیە لە جامی جیهانیداو لە مۆندیالی ١٩٥٨دابوو یەکەم یاری لەو مۆندیالەدا لە بەرامبەر هەڵبژاردەی(یەکێتی سۆڤیەت)دا ئەنجامدا لە خولی یەکەمی یاریەکاندا لێرەدا بە بچوکترین یاریزانی تۆپی پێ دادەنرێت لە مێژوودا، کە بەشداری لە یاریەکانی مۆندیالدا کردبێتو دواتر لە خولی هەشتەمی یاریەکاندا لەدژی هەڵبژاردەی (ویلز)یەکەم گۆڵی خۆی تۆمارکردو بەمەش بوو بە بچوکترین یاریزانی تۆپی پێ کە لە یاریەکانی مۆندیالدا گۆڵ تۆماربکات، لەیاری پێش کۆتایی خولەکەدا رووبەرووی هەڵبژاردەی فەرەنسا بوونەوە کە(جۆست فۆنتێن) گۆڵکەری پاڵەوانێتیەکە بە تۆمارکردنی ١٣گۆڵ سەرکردایەتی تیپی کەڵەشێرەکانی دەکردو لەم یاریەدا بێلیە بەتەنها سێ گۆڵی تۆمارکردو یاریەکەیان بردەوەو گەیشتنە یاری کۆتایی، لە ١٩/یۆلیۆ١٩٥٨دا بێلیە بوو بە بچوکترین یاریزان کە لە یاری کۆتایی جامی جیهانیدا یاری بکات، چونکە تا ئەو رۆژە تەمەنی لە ١٧ ساڵو ٢٤٩ رۆژ تێنەپەڕیبوو، ئەوە بوولەو یاریەدا توانی دوو گۆڵ تۆماربکات لە هەڵبژاردەی(سوید)ی میواندارو بەمەش کۆی گۆڵەکانی بوو بە شەش گۆڵ لە چواریاریدا بوو بە دووەم گۆڵکاری پاڵەوانێتی یەکە لەدوای(جۆست فۆنتێن).

## لەمۆندیالی شیلی ١٩٦٢

مۆندیالی ساڵی ١٩٦٢ دووەم وێستگەی وەرزشی بێلیە بوو لە ژیانیداو لەیەکەم یاریدا لە بەرامبەر هەڵبژاردەی مەکسیك سەرەتا گۆڵێکی دروستکردو دواتریش گۆڵێکی تۆمارکرد بە شێوازێکی زۆر جوان، دوای ئەوە کە لە چوار لە یاریزانە بەرگریکارەکانی بڕیو توانیان یاریەکە بە ئەنجامی دوو بە سفر ببەنەوەو لە دووەمین یاریدا لە بەرامبەر هەڵبژاردەی (چیکۆسلۆفاکیا)تووشی پێکان هاتو لەم مۆندیالەدا بێ بەش بوو، بەڵام لە کۆتاییدا بەرازیلیەکان بە سەرکردایەتی (غارینشیا) توانیان بۆ جاری دووەم جامی پاڵەوانیەتیەکە بەرز بکەنەوە.

## لە مۆندیالی ئینگلتەرا ١٩٦٦

ئەو پاڵەوانێتیەی کەت ساڵی ١٩٦٦ لە ئینگلتەرا سازکراو بە مۆندیالی (هەڵۆ کوشندەکان)دادەنرێتو بێلیەش یەکێك لە قوربانیانی خولەکە بوو، لەو مۆندیالەدا بێلیە بوو بە یەکەمین یاریزان کە لەسێ مۆندیالدا گۆڵ تۆمار بکات، کاتێك لە یاری بەرامبەر هەڵبژاردەی (بولگاریا)گۆڵێکی بە لێدانی راستەوخۆ تۆمارکرد. بەڵام بەرازیل لەخولی یەکەمی پاڵەوانێتیەکەدا کرایە دەرەوەو ئەمەش یەکەمین جار بوو لە مێژووی مۆندیالەکاندا بەرازیل لە خولی یەکەمدا بکرێتە دەرێ، هەر بۆیە بێلیە دوا بەدوای سەرنەکەوتنیان دەڵێت(جارێکی تر نامەوێت لە یاریەکانی جامی جیهانیدا یاری بکەم).

## لە مۆندیالی مەکسیك ١٩٧٠

کاتێك لە ساڵی ١٩٦٩ بێلیە بانگهێشت کرا بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل، سەرەتا رازی نەبوو کە یاری بکات، بەڵام دواتر بەشداری یاریەکانی پاڵاوتنی کردوو لە شەش یاریدا شەش گۆڵی تۆمارکردو وڵاتەکەیانی گەیاندە جامی جیهانی(مەکسیك ١٩٧٠) کە بەدواین وێستگەی بێلیە دادەنرێت لە مۆندیالدا.. ئەوە بوو پێکهاتەی بەرازیل لەو مۆندیالەدا زۆر جیاواتر بوو لە پێکهاتەی مۆندیالی رابردوو کە بەشداریان کردبوو، چونکە هیچ یەکێك لە( غارینشیاو نیلتۆن سانتۆسو جێلمان سانتۆسو جێلمار) بانگهێشت نەکران، بەڵام لە تیپەکەدا (بێلیەو ریڤیلینۆو جارزینهۆو جیرسۆنو تۆستاو...تاد)هەبوون کە باشترین پێکهاتەی بەرازیل دادەنرێن بە درێژایی مێژووی تۆپی پێی بەرازیل. لە یەکەمین یاریاندا لە بەرامبەر هەڵبژاردەی(چیکۆسلۆفاکیا) توانیان چوار بە یەك گۆڵ یاریەکە ببەنەوەو بێلیە یەکێك لە گۆڵەکانی تۆمارکرد، لە یاری دووەمدا لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا، زۆر نزیك بوو بێلیە گۆڵێك بە لێدانی سەری بەهێز تۆماربکات، بەڵام گۆڵچی ئینگلتەرا (گۆردن بانکس) بە هونەرێکی زۆر جوان تۆپەکەی گێڕایەوە کە تا ئێستاش بە گێڕانەوەی مێژوویی دادەنرێت، لە یاریەکانی مۆندیالدا، بەڵام لە گێمی دووەمدا گۆڵێکی بۆ(جارزینهۆ) دروستکردو یاریەکەیان بردەوە. لە سێهەم یاریاندا رووبەڕوی هەڵبژاردەی رۆمانیا بوونەوەو بێلیە لەو یاریەدا توانی دوو گۆڵ تۆماربکاتو یاریەکەشیان بە ئەنجامی سێ بە دوو گۆڵ بردەوەو لەخولی هەشتەمی پاڵەوانێتیەکەدا ئەمجارەیان رووبەڕووی هەڵبژاردەی پیرۆ بوونەوەو توانیان یاریەکە ببەنەوە بە چوار بە دوو گۆڵ، هەرچەندە بێلیە هیچ گۆڵێکی لەو یاریەدا تۆمار نەکرد، بەڵام رۆڵی سەرەکی هەبوو لە بردنەوەی تیپەکەیدا. لە یاری پێش کۆتاییدا دەبوایە بەربەستی هەڵبژاردەی (ئۆرۆگوای)تێکبشکێننو بیانبڕن، ئەوە بوو توانیان یاریەکە بە ئەنجامی سێ بە یەك گۆڵ ببەنەوەو بێلیەش لەو یاریەدا دوو گۆڵی تۆمارکرد. ئەمجارەیان لە یاری کۆتایی هەڵبژاردەی (ئیتاڵیا)بە رووبەڕوویاندا وەستایەوە، بەڵام بەرازیلیەکان توانیان چوار بە یەك گۆڵ لێیان ببەنەوەو بێلیەش لەو یاریەدا یەکەم گۆڵی بە لێدانێکی سەر تۆمار کردو دواتر دوو گۆڵی بۆ (جارزینهۆو کارلۆس ئەلبێرتۆ)دروستکرد، بەم شێوەیە جامی پاڵەوانێتیەکەیان بەرزکردەوە. دوابەدوای کۆتایی هاتنی ئەو مۆندیالە، راهێنەری بەرازیل سەبارەت بە بێلیە گوتی ( من پێموابوو کە ئەویش وەکو خەڵکانی دی، لە گۆشتو ئێسقان درووست بووە، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە من زۆر هەڵەم، بەڵکو ئەو زۆر جیاوازە لەخەڵکی).

بێلیە بە ژمارە

بێلیە بەیەکەم یاریزانی تۆپی پێ دادەنرێت کە توانیویەتی (١٠٠٠)گۆڵ تۆماربکات، ئەویش لە ساڵی ١٩٧٧دا لە یاری نێوان یانەکەی (سانتۆس) بە پەنالتی لە یانەی (فاسکۆدی گاما)ی تۆمارکردوو، دواین یاری نێودەوڵەتی لە ١٨/یۆلیۆی ١٩٧١ لەدژی هەڵبژاردەی یۆگسلافیا ئەنجام درا، لە (رۆدی جانیرۆ)و هەڵبژاردەی بەرازیل(٩٢) یاری کردووەو لەگەڵیدا ٦٧ یاریان بردۆتەوەو لە ١٤ یاریدا یەکسان بوون، تەنها ١١ یاریان دۆڕاندووە، بەڵام بەرازیل هیچ یاریەکی نەدۆڕاندووە، کاتێك کە لەگەڵ بێلیەدا (غارنیشیا) یاری کردبێت.

سەرچاوە: الموسوعە الحرە(ویکیبیدیا)

# جیهانی کاریکاتێر











# جاكی شان

## نوسەرودەرهێنەروئەكتەر:

# ئەوپیاوەی زۆرترین مەترسی لەسەر ژیانی هەیە...!

**ئا :هێدی چنارنەیی**

ناوی تەواوی (جاكی شان)،(هوكونج سانج شان) لەساڵی ١٩٥٤لە "هونگ كونگ" لەدایك بوە. هەرلە(هونگ كونگ) پەیوەندی كردووە بە ئەكادیمیەی چینی بۆ نواندن، لەتەمەنی شەش ساڵیدا وانەی سەماو موزیك‌و هونەری كوشتنی خوێندوە. یەكەم كاری دەرهێنەری لەساڵی ١٩٨٠ ئەنجام داوە پاشان بەهۆی نیشان دان‌و پێشنیاركردن بۆی توانیویەتی لەساڵی ١٩٩٠لە فیلمی (كندور عملیە) بەچەند رۆلێكی بچوك كارەكتەری بكات. لەدوای دەرچوونی لەئەكادیمیە هەڵساوە بەبینینی پاڵەوانێتی چەند فیلمێك تا ئەوكاتەی رۆڵی راستەقینەی خۆی بینیوەتەوەودرێژەی داوە بەكارەكانی پیاوی ئاسنین (بروسلی) كە ئەویش دوابەدوای مردنی هونەرمەند (بروسلی) وجیاواز لەكارەكانی ئەو بەستایلێكی نوێتر كاری كردووە كەجاكی پێ ناسراوە بەپیاوی جوڵە داروسامناك. جاكی ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ (فن جی) پێك هێناوە وەتەنها یەك منداڵی هەیەو ناسراوترین ئەستێرەی هۆلیودەو باشترین دەسكەوتیش لەفیلمی (دوو كاتژمێری قەرەباڵغ) ساڵی ٢٠٠١ وەدەستی هێناوە كە ١٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریكی بووە، هاوكات (جاكی شان) ئەستێرەی بەناوبانگی چینی لەبارێكی دەرونی خراپ دا دەژی بەهۆی وون بوونی سەگەكەیەوە كەناوی (جونز)ە ئەوەش بەهۆی كراوەیی یەكێك لەدەرگاكانی ماڵەكەیەوە رووی دا كەدواتر جاكی شان جودا لەهەڵواسینی چەندین ئاگاداری لەدەوروبەری ماڵەكەی بەپۆلیس‌و خەڵكی راگەیاندووە كەهەركەسێك سەگەكەی بۆبدۆزێتەوە پاداشتێكی گەورەی دەكات.

جگە لەوە ناوبراو بەهۆی چەندجوڵەیەكی سامناكی مەترسیدار لەفیلمی (روبی هود) ئازارێكی زۆری هەیەو سینگی بریندارە، لەكارەكتەریدا دژوارترین رۆڵی بینیوەو چەندین كارەساتی بەسەر هاتووەو تیایدا سێ جار لووتی شكاوە، جارێكیش ڕانی شكاوە چجای چەند جار ئێسكی پەنجەكانی دەستی‌و شوێنی تر لەجومگەكانی‌و دڕانی پەردەی گوێی. ترسناكترین كاریش كەهەڵی بژاردبێ هەروەك جاكی خۆی دەیڵێ لەفیلمێكدا واپێویستی كردووە لەباڵەخانەیەكی بەرزەوە لەلێواری سەرەوەی خانوەكەوە لەكاتی بەرزبوونەوەی كۆپتەرەكەدا خۆی هەڵ بدات بۆ ئەو پەیژە شلكەی كەشۆڕبۆتەوە بەكۆپتەرەكەدا، ناوبراو دەڵێت كاتێك خۆم بۆ ئەم كارە ئامادە كرد زیاتر لە حەفتا كەناڵ‌و میدیای جیاواز لەباڵەخانەیەكی بەرامبەرمانەوە وێنەی ئەودیمەنەیان دەگرت كەگومان هەبوولەوەی ئەم كارەم كۆتایی كارەكانم بێت كەخۆشم هەرهەمان باوەڕم هەبوو، بەلاَم خۆش بەختانە توانیویەتی سەربكەوێت. جاكی خاوەن سەرمایەیەكی زۆری مادییەو بەشێكی زۆری داهاتی خۆی لەیارمەتی دانی هەژاران‌و هونەرمەنداندا خەرج دەكات. شیاوی باسە دواكاری نوێی جاكی شان كاركردنە لە فیلمێكی نوێدا بەناوی (ڕوداوەكانی شین جۆكۆ)كەجاكی ڕۆڵی سەرەكی تێدا دەبینێ‌و بەشێكی زۆری كۆمیدیە لێدان‌و شەڕەكانیش شێوازێكی پێكەنیناوین كەدیمەنەكانی لەهەردو وولاَتی(چین‌و یابان)وێنە دەگیرێ‌و كاری دەرهێنەریەكەی(دێری بی تونگ و جاكی شان)خۆی دەبێت.



# زۆر بڵێیی تەمەن درێژ دەکات



پسپۆران لە بنکەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی بەریتانی لە ئۆکسفۆرد لە لێکۆڵینەوە نوێدا ئاشکرایان کرد کە زۆربڵێیەکەی دیاریکراو قازانجی هەیە بۆ درێژبوونی تەمەنو یارمەتی پتەوکردنو نزیکبوونەوە لەگەڵ خەڵکی دەداو دەبێتە هۆی ئارامبوونی گیانی. پسپۆران بۆیان دەرکەوت کە ئەو کەسانەی هیوایەتی زۆر بڵێیان هەیە خاوەنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەورەنو زۆرجاریش بەشێوازێکی تەندروست دەژین چونکە قسەکردنیان لەسەر خەڵکی یارمەتی ئارامبوونو ئازدبوونی هەستو سۆزیان دەداتو لە ئاستی شلەژانو رقو کینەیان کەمدەکاتەوە کە دەبێتە هۆی نەخۆشی. لێکۆلینەوەکە ئەوەشی دەرخست کە زۆربڵێکان زۆر بەکەمی تووی نەخۆشی دڵو هەڵچوونی دەرونیو بێزاریو کەئابە دەبن چونکە زۆربڵێیی هانیان دەدا ئەو هەستو سۆزو حەزو خولیایانەی لە مێشکیاندایە لەگەڵ خەڵکیدا هاوبەش بنو ئەمەش دەبێتە هۆی نزیکبوونەوە لێیان مرۆڤ والێدەکات هەست بە ئارامی بکات.

# مانگاکانیش حەزیان لەمۆسقایە

جوتیارەکانی گوندی رامیسلۆی رۆمانی بیرۆکەی بەکارهێنانی مۆسقایان بۆهات لەکاتی ئەو شەپۆلە گەرمایەی وڵاتەکەیانی گرتەوە. یەکێك لە خاوەن گەوەرەکان گووتی" خاوەنی مانگاکان ئەگەر مۆسیقامان نەبێت مانگاکانیان لامان بەجێناهێڵن" هەروەهاگوتی" مانگاکان گوێ بەجۆری مۆسیقاکە نادەن بەڵام هەست بەئارامی دەکەن کاتێك گوێبیستی دەبن" لۆشیان شیرۆ موختاری یەکێك لە گوندەکان گوتی" بیستنی مۆسیقا نەك هەر وا لە مانگاکان دەکات بەرگەی گەرما بگرن، بەڵکو دەبێتە هۆکاری زیادبوونی بەهەمی شیرو واشیلێدەکات زیرەکتر بێت کاتێك بەتەنیا لە لەوەرگاکانیان دەگەڕێنەوە" شایانی باسە ئەمساڵ رۆمانیا شەپۆلێکی گەرما گرتیەوەو پلەی گەرما گەیشتە ٤٠ پلەی سەدیو بو بەهۆی مردنی ٣٠ کەس.

# حەبی دژ بە جگەرەکێشان.. ئێستا دژی مەیخواردنەوەش سودی لێوەردەگیرێ

لە ئینگلیزیەوە ئومێد کوێستانی

بەپێ ئەو هەواڵانەی کە لێکۆڵەرەوەکان دەیدەن بۆ رزگارکردنی ئەو کەسانەی کە بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی خۆشیو دورکەوتنەوە لە کێشەکانیان خویانگرتووە بە مادده بێهۆشەکەرەکانو جگەرەکێشانەوە، رایانگەیاند کە دەنکە حەبێك دەتوانێت بەدوریانخاتەوە لە خوگرتن بە کێشانو خواردنەوە. لێکۆڵینەوەکە ئەوەشی دەرخست کە ئەلکهولیش هەمان کاریگەری نیکۆتینی هەیە لەسەر مێشك.ئەو دەرمانەی کە پێی دەوترێت ڤارێنیکلاین(varenicline) پێشتر تەنها بەکاردەهێنرا بۆ وازهێنانی ئەوانەی کەخویان گرتووە بە کێشانی مادده بێهۆشەکەرەکانەوە، لەهەمان کاتدا لێکۆڵینەوە نوێکان رایانگەیاند کە ئەم دەرمانە، دەکرێت سودێکی زۆری



لێوەربگیرێت بۆ وازهێنانی ئەوانەش کە خویانگرتووە بەمەی خواردنەوەی زۆرەوەو ناتوانن خۆیانکۆنترۆڵ بکەنو وازی لێ بهێنن. لەلایەکی دیکەوە لێکۆڵینەوە نوێکە ئەوەشی دەرخست، کە ئەم دەرمانە کاریگەری هەیە لە چارەسەرو دورخستنەوەی مرۆڤ لەهەر خویەکی خراپ، کە پێشتر بەکاری هێناوە، وەکو سەرچاوەی خۆشیو رەفاهیەت. ئەم لێکۆڵەرەوانە، هیچ ئاماژەیەکیان بەوە نەکردووە کە دەرمانەکە چارەسەری ریشەیی نییە بۆ نەخۆشیەکە، کە ئەمەش مژدەیەکی خۆشە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خویانگرتووە بە مادە بێهۆشەکەرەکانەوە. هەروەها رونیانکردەوە کە دەرمانی ڤارێنیکلاینو هاوشێوەکانی رەنگە چارەسەرێکی خێراشبن بۆ هەریەکە لە نەخۆشیەکانی ئەلزێمەرو پاکینسۆن(Alzheimer&Parkinson)کە دەبنە هۆی زوو لەبیرچوونەوەو لەدەستدانی ژیری بەتایبەتی لە تەمەنی ناوەڕاست دا.

# دۆزینەوەی ئاژەڵێکی سەر سوڕهێنەر

ئەم ئاژەڵە کەلەوڵاتی(تایلاند) دۆزراوەتەوە، سەرچاوەکانی حکومەت دەڵێن، ئەمە ئاژەڵێکی دەگمەنەو پێدەچێت تاکە ئاژەڵ بێت لەجیهاندا، بەبۆچوونی ئەوان ئەم ئاژەڵە لە رەگەزێکی زۆر دەگمەنە، لەوشوێنانەدا دەژیت کە مرۆڤ ناتوانێ لێی بژیت. کە لەوانەیە لە رەگەزی (ڕێوی)بێت، بەڵام ئەگەر سەیری روخساری بکەی ئەم ئاژەڵە لەلایەکەوە لە سەگ دەکات، یان لە بزن، لەلایەکی دیکەشەوە لەمشکیش دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا لە گورگیش دەچێت



ئا: ئەندێش

# ٢٥ ساڵ بەسەر دروستکردنی CD دا تێپەڕدەبێت

ساڵی ١٩٨٢ واتە ٢٥ ساڵ لەمەو پێش لە یەکێك لە کارخانەکانی ئەڵمانیا دیسکی Cd دروست کرا. دروستبوونی ئەم جۆرە دیسکە شۆڕشێکی لە بوارەکانی گواستنەوەو هەڵگرتنی زانیاری بەتایبەتی ئەو زانیارییانەی کە پێك هاتبوون لە مۆزیك‌و جۆرەکانی وەك ئەو.

بیرۆکەی دروست بوونی CD دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩ کە بەشێوەیەکی هاوبەش لە نێوان کۆمپانیای فلیپسی ئەڵمانی‌و سۆنی یابانیدا هاتە بەرهەم. یەکەم جار ئەم مەبەست لە دروستکردنی ئەم جۆرە دیسکە ئەوە بوو کە بۆ ماوەی سەعاتێك زانیاری دەنگی‌و مۆسیکی تێدا هەڵبگرێت. بەڵام دواتر ئەم ماوەیە درێژ کرایەوە بۆ ٧٤ دەقیقە ئەویش بەمەبەستی هەڵگرتنی سەمفۆنیای ژمارەی ٩ی هونەرمەندی ناسراوی جیهانی بیتهۆڤن. بەڵام بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٨٢ یەکەم Cd خرایە بازاڕەوە.




## I.T چییە؟

زۆر جار گوێمان لە وشەی ( I.T) دەبێت کە لە بوارەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتدا بەکار دەهێنرێت، بەشێوەیەك کە ئەو پرسیارەکان لا دروست بکات کە ئەم وشەیە ئاماژەیە بۆ چی بوارێك لە بوارەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر.

لەراستیدا (I.T) کورتکراوەی (Information Technology)ە کە وەرگێڕانە کوردییەکەی دەکاتە تەکنۆلۆژیای زانیاری، بەو واتایەی کە ئاماژە بە کارکردن لەسەر کۆمپیوتەرو ئەو تۆڕانە دەدات کە بەهۆی ئامێری کۆمپیوتەرەوە دروست دەکرێن‌و دەبەسترێن.

بوارەکانی ئای تی بەزۆری ئەو بوارانە دەگرێتەوە کە کۆمپیوتەرەکان بەهۆی رایەڵەیەکەوە دەبەسترێنەوە بە یەکەوە، کە پێی دەتورێت Network کاری ئەم بەشەیش دروستکردنی پەیوەندییەکی خێراو زیندووە لە نێوان کۆمپیتەرەکاندا، هەروەها کاری سێرڤەری بوارەکانی ئینتەرنێتیش دەچنە ئەم خانەیەوە

# Hotmail
# سپێسەکەی زیاتر دەکات




بەم دوایانە سێرڤەری Msn مەودای سپێسەکەی خۆی بۆ دوو بەرامبەر زیاد دەکات‌و بەم شێوەیە توانای بەکارهێنانەکەی دەکاتە ٥ میگابایت، لەکاتێکدا کە پێشتر ئەم ژمارەیە ٢ میگا بایت بووە.

ئەم گۆڕانکارییە لە خزمەتگوزارییەکانی Hotmail دا کار ئاسانی زیاتر بۆ بەکارهێنانی ئەو ئیمەیڵە دەکات‌و لەهەمان کاتیشدا توانای ناردن‌و وەرگرتن لە رێگای ئەو ئیمەڵەوە فراوانتر دەکات.

شایانی باسە کە Hotmail یەکێکە لەو سێرڤەرانەی کە ژمارەیەکی زۆر بەکارهێنەری هەیەو رۆژانە بەشێوەیەکی فراوان بەکار دەهێنرێت، ئەمە سەرباری ئەو حزمەتگوزاریانەی کە msn پێشکەشی دەکات.

شایانی وتنە کە بەشێوەیەکی بەردەوام ماڵپەڕو سێرڤەرە دیارو جیهانییەکان لە ململانێیەکی بەردەوامدان بۆ پێشکەشکردنی زۆرترین خزمەتگوزاری بە بەکارهێنەرەکانی خۆیان.

# C.i.Aدەستکاری زانیارییەکانی ویکی پیدیا دەربارەی ئەحمەدی نەژاد دەکات



لەم دوایانەدا چەند دەستکارییەك لەو زانیانەدا کرابوو کە لەسەر ماڵپەڕی ویکی پیدیادا دەربارەی ئەحمەد نەژادی سەرۆك کۆماری ئێران هاتووە. لەم بارەیەوە سەرپەشتیکارانی ئەو سایتە رایانگەیاند کە دەتوانن شوناسی ئەو رێکخراوەیە ئاشکرا بکەن کە هەستاون بەم دەستکارییکردنانەو، هەروەها رایگەیاند کە دەزگای هەواڵگری ئەمریکا (C.A.I) دەستی هەبووە کە دەستکاریکردنی بەشێك لە لاپەرەکانی ماڵپەری ناوبراوو هەروەها ئەوەیان دەربڕی کە کارمەندانی تۆڕی کۆمپیوتەری (C.A.I) لاپەرەی زانیارییەکانی ئەحمەد نەژادیان دەستکاری کردووەو گۆڕیوە.

ویکی پیدیا فەرهەنگێکی ئەلکترۆنی بێ بەرامبەرانەی ئینتەرنێتییەو ژمارەیەکی زۆر زانیاری هەمە لایەنەی تێدایە .



Wahhhhhh! Ahmadinejad has generally been designed to attract both religious (می‌شود و می‌توانیم).

In his presidential campaign, Ahmadine Mohammad Ali Rajai, the second presi an "exemplary government for the world revolutionary principles. One of his goal among the poor.

# گۆگۆڵ فەبارەی Gmail ی گەیاندە ٢٥٠

بەم دوایانەدا گۆگۆڵ فەبارەی Gmail ی گەیاندە ٢٥٠ و دەتوانێت بەو قەبارەیە زانیایو داتا لەناو ئیمەیڵەکەیدا دابنرێت، ئەمەیش وادەکات کە پێویست نەبێت بەکارهێنەری ئەو ئیمەیڵە هەستێت بە سرینەوەی ئەو زانیاریو نامانەی کە بۆی رەوانە دەکرێت.

بەڵام ئەم خزمەتگوزارییە بێ بەرامبەر نییەو پێویستە هەر خوازیارێکی ئەم قەبارە زۆرە ساڵانە ٥٠٠ دۆلار بدات.

# پاترییەکانی لاپتۆپ ٣٠ رۆژ خۆی دەگرێت



لە داهێنانە نوێیەکانی سامسۆنگ ئەوەیە کە ماوەی دابەزینی شەحنی پارتری درێژ کردەوە بۆ ٣٠ رۆژو بەتەنیا یەك جار شەحن کردنەوە دەتوانرێا بۆ ماوەی ٣٠ رۆژ کار بە پاتری لاپتۆپەکان بکرێت. ئەویش بە گۆرینی وزەی کیمیاوی بۆ وزەی کارەبایی.

ئەم داهێنانە نوێیە لەچاو توانای ئێستای پاتری لاپتۆپەکاندا داهێنانێکی زۆر گرنگە چونکە توانای خۆگرتنی پاترییەکانی ئێستا بەزۆری لەدووربەری ٤ سەعاتدایەو پێویستە بەردەوامیش شەحن بکرێنەوە.

# نهێنیەکانی گەردونو کورسی دەسەڵات ؟



ڕێبوار محمەد یوسف

هیچمان نهێنی ئەم گەردونە بەرفراوانە نازانین، ئەو گەردونەی چەندەها نهێنی لەدڵی خۆیدا حەشارداوە. نهێنیەکانی سروشت، کەون، ئەستێرەکان، مرۆڤایەتی لەهەمووشیان زیاتر نهێنیەکانی ئادەمیزاد. لەگەردوندا ملیۆنەها مرۆڤ دەژیو ڕەنگو ڕووی دەمو چاو، شێوەی هەڵسوکەوت، تێکەڵاوبوون، زمانی گفتوگۆکردن، لەخشتەبردن، قسەپێگووتن، قسە هەڵبەستن لەدەروونی هەر هەموویان جیاوازەو هەریەکەشیان بەجۆرێك بیر دەکاتەوە کەزۆربەیان کێشەوگیروگرفتو ئازاری مرۆڤەکانی بەدواوەیە. هەیە جۆری پەروەردەکردنی بەشێوەیەك بووە کەدڵو دەروونی لەئاو پاکترە، هەیە ویژدانی ئەوەندە جوانە خەم بەهەموو شتێك دەخوات، هەیە ئەوەندە بەبەزەییە حەزدەکات ماڵو سەروەتو سامانو گیرفانی لەگەڵتدا بەش بکاتو خەمو ئازارەکانی تۆ لەکۆڵ بنێت، هەشە ئەوەندە دڵ ڕەقو بێ بەزەییە حەزناکات تۆ سەری خۆشت بخورێنیتو هەمیشە ماڵ وێرانی بەشێك بێت لەگۆشەی ژیانت. هەیە ئەوەی بۆی بکرێت بەرامبەرت ئەنجامی دەدات حەزدەکات تۆ هەمیشە نزاو پارانەوەو دەست کورتی پێوەری ژیانت بێت، هەیە ئاواتە خوازە دڵی دابمرکێتەوەو مەرگ چاوەڕوانت بکاتو لەساتو ئانێکدا هەواڵەکەی پێبگات. مرۆڤی واهەیە هاورێتەو هەمیشە تۆ دەستگیرۆیت کردووەو ڕزگارت کردووە لەونەهامەتیەی تێکەوتووە کەچی لەپاشملە ئەوەی لەسەر زاریەتی پێت دەڵێتو بوختانی وات بۆ هەڵدەبەستێت کەخۆت نەتزانیووە کە هەیە. لەگەردونداو لەنێوان مرۆڤەکانیدا هەر لەدێر زەمانەوە جیاوازیەکان دروست بوون، پێ بەپێو بەمروری زەمەن لەگەڵمان هەنگاوی ناوە، فەقیریو هەژاری باڵی بەسەر زۆربەی ژیانماندا کێشاوەو بارێکی قورسیش بووە بەسەر شانی کەسە هەژارەکانەوە، خوا پێداوەکانیش هەررۆژە بەدوای سەرەداوی تەندەرێكو شەراکەتی کۆمپانیایەكو بەرزکردنەوەی کۆشكو تەلار، دابینکردنو پاشەکەوتکردنی پارەو دزینی سەروەتو سامانی گەلەکەمانو سواربوونی جوانترین مۆدیلی ئوتومبێل کەئەمە پیشەی بەشێکی زۆری کاربەدەستەکانەو ڕۆژانەش بەچاوی خۆمان دەیبینین. کەسە خواپێداوەکان هیچ کاتێك بیریان لەو هەموو زوڵمو زۆرو ئەشکەنجەدانە نەکردۆتەوە کە ڕۆژانە بەرامبەر بەو خەڵکە هەژارە ئەنجام دەدرێت، چونکە لەزەتی لەو جۆرە ئازانە وەرگرتووە، هەمیشە بروای وابووە دەبێت خەڵکی هەژارو نەدار عەبدو لەئەموری ئەوان بێتو بۆ ئەوان خوڵقابێت، وەکوو ئێستاو لەم سەردەمەی خۆشمان زۆرجاران دەیبینین. لەگەردوندا ئەوەی دەمەوێت باسی بکەم ژیانی تێکەڵاووبوونی مرۆڤەکانە ئەو مرۆڤانەی کەبەرەچەڵەك دەچنەوە سەر ئادەمو حەوا، دەپرسم ئایا بۆ ئادەمو حەوا ئەو سێوەیان خوارد؟ ئایا حەزیان لێی بوو، یاخوود فریاد ڕەسێك پێی ووتن"ژیانی هەموو مرۆڤایەتی تێكو پێك بشکێنن!.چ دەبوو ئەگەرئادەمو حەوا سەبرێکیان بگرتایەو ئەو سێوەیان نەخواردایەو هەموو بەشەریەت لە قاڵبی خۆیدا بوایە، لەکەشتیەکدا لەنگەری بگرتایە یاخوود بەناو شەپۆلی دەریاکاندا بەیەکسانی گوزەریان بکردایە. لەگەردوندا دەمووچاوی مرۆڤەکان ترسناکن! هەیانە وەك دەیناسۆر وایەو پەلامار دەدات، ژیانی ماڵو مندالو کۆمەڵگاکەشت دەخاتە مەترسیەوە، هەیانە ئەوەندە بەخشندەیە دڵی خۆیت پێدەبەخشێت. بۆیە دەبینین دەمووچاوی مرۆڤەکانی گەردون لەیەك ناچن، هەیانە بەرژەوەندی خۆی لەسەروو بەرژەوەندی خەڵکەوە دادەنێتو خۆی بەپاشاو مەلیك ناگۆرێتەوە. نازانێت ڕۆژێك دادێت پێخەڤ مەرگ چاوەڕوانیەتی؟ هەشە نەرمو نیان حەزناکات باڵندەیەك لەناو بەرێت، کەواتە بۆدەبێت ئێمەی مرۆڤ هەست بەم هەموو زوڵمو زۆرە بکەین کە ڕوودەدەن، کەچی شێوەی هەڵسوکەوتو بیروبۆچوونو کاردانەوەکانیشمان جیاوازتربێت لەیەکتر. تۆبڵێیت ئەو جۆرە بیرکردنەوە بەرتەسکانە ڕۆژێك نەبێتە قورقوشمو بەگەرویاندا بچێتە خوارەوە. بۆیە ئەوەی ئێستا دەبینرێت زۆرجیاوازتر بووە لەدوێنێ، کێ هەیە بیر لە خەباتو تێکۆشانی گەلەکەمان نەکاتەوە کەبەچ ئازارێکەوە دەینالآند، کەسمان خاوەنی هیچ نەبووین، ئەوانەی کە خاوەنی تێکۆشان بوونو ڕابەرایەتی ئێمەیان دەکرد ئەوەندە جوانو پیرۆز بوون دەمانپەرستن، ڕۆژانە بەرەو پیریان دەچووین، بەشانو باڵایاندا هەڵماندەدا، گیانی خۆمان دەکردە قوربانیان، ئەوەندە مەزن بوون ئەوەی هەبوایە پێشکەشمان دەکردن، بەڵام بەداخەوە دوای ئەو هەموو خەباتو تێکۆشانو بەخشینی هەزارەها شەهیدوو بریندارو پەککەوتەو ماڵوێرانیە ....، ئێستا (بەشێکی) زۆر لەسەرکردەکانمان ئەو جوانیەی جارانیان نەماوەو خەڵك حەزناکات بشیان بینێت، ئەوان ئێستا زۆر جیاوازن لە تێکۆشەرەکانی دوێنێ، زۆربەیان بوونەتە پارێزەری گەندەڵی، خاوەنی کۆشكو تەلارو سەروەتو سامانو هەر ڕۆژە فیزەی وولآتێك لەگیرفانیاندایەو هەر ئاهەنگێك ئەوان سەرچۆپی بۆ نەگرن، ئەو ئاهەنگە جوانی نابەخشێت، تۆ بڵێی ئەم سەرکردانە هەست نەکەن کە خەڵك وەکوو جاران بەرەو پیریان ناچێتو کەس گوێ لەووشە بریقەدارەکانیان ناگرێتو کەس بڕوایان پێ ناکات. جاران سەرکردەکان هاوبەشی خەمو مەینەتوئازارەکانیان دەکردین، سەردانی ماڵە شەهیدو بریندارو دەستگیرۆیی ماڵە هەژارەکانیان دەکرد،ئێستا دەڵێن ئەمانە بوونەتە بارێکی گران بەسەرشانمانەوەو ناهێڵن حەزەکانمان تێر بکەین. کەواتە ئێمەی مرۆڤ لەم گەردونەدا ئەگەر تاکوو دوێنێ لەرووی نەزانینەوە بەدەهۆڵو زوڕنای ئەوان هەڵپەریووینو خۆمان کردبووە مەتەرێزی پارێزگاری بۆ پاراستنی ژیانیان، دەبێت ئێمەش جیاواز بیربکەینەوە، لەمەو دوا ئەقڵو هۆشمان بکەینە پەرژینێك بۆبیرکردنەوەمانو بەوجۆرە لێدوانو چاوپێکەوتنو کۆبونەوانەیان هەڵ نەخەڵەتێین کەڕۆژانە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بەئێمەی دەفرۆشن. من وەك خۆم بریارمداوە جارێکی دی هەرگیز ئامادەنابم ژیانی خۆمو ماڵو منداڵەکەم بکەمە قوربانی ئەو جۆرە بیرکردنەوانەو هەوڵیش دەدەم ئەوەی بۆخزمەتی گەلەکەم بێت ئەنجامی بدەم، هاوڕێیەتیو خۆشەویستی مرۆڤەکان بکەمە دەسکە گوڵێكو ڕۆژانە بۆنی پێوەبکەم، دووربم لەچاوی ئەو سیاسەتبازانەی کەخۆشەویستی گەلو نیشتیمانیان لەبیر.چۆتەوەو هەموو شتێکیان تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوندیەکانی خۆیانە. کەواتە باهەمووماان ئەوەی لەدڵماندایە بیکەینە پەندێكو وانەی لێوەربگیرینو بەودورشمە قەبەو زلانە باوەڕنەکەین کە ڕۆژانە بەگوێمان دادەن. چونکە جیاوازیەکان ئەوەندە زۆرن خەڵکە تێکۆشەرو ماندوونەناسەکان پشتگوێ خراونو کەسە هەلپەرستو نەفس نزمەکانیش ڕۆژانە هەڵپەیانە بۆبەدەستهێنانی پارەو پوول، بۆیە دەبێت ئەوە بزانن سەرکردەکانمان کە بیرلەوە بکەنەوە کەکورسی دەسەڵات تەنها بۆخزمەتکردنی گەلەکەمانە نەك بۆپاراستنی بەرژوەندی تایبەتی.